ڕوخسەتم پێدراوە قسە بکەم سەبارەت بە فریشتەیەک لە فریشتەکانی خودا کە عەرش هەڵدەگرن، نێوان نەرمەی گوێی وشانەکانی (هێندەی) دووری حەوت سەد ساڵە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕوخسەتم پێدراوە قسە بکەم سەبارەت بە فریشتەیەک لە فریشتەکانی خودا کە عەرش هەڵدەگرن، نێوان نەرمەی گوێی وشانەکانی (هێندەی) دووری حەوت سەد ساڵە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە ڕوخسەتی پێداوە سەبارەت بە گێڕانەوەی وەسفێک سەبارەت بە فریشتەیەک لە فریشتەکانی خودا لەوانەی عەرشیان هەڵگرتووە وعەرشیش لە مەزنترین دروستکراوەکانی خودایە، ودووری نێوان نەرمەی گوێی وشانەکانی ئەم فریشتەیە (هێندەی) دووری حەوت سەد ساڵە بە سەفەرکردن لەسەر ئەسپێکی خێرا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10546